بەشی دووەم:

جێبەجێکردن و ناوەندو بابەتەکان

باسی یەکەم: چالاکی فێرکردن.

پێشەکی:

أ- چالاکیی فێرکردن لە مەککە پێش هیجرەت:

ماڵی ئەرقەمی کوڕی ئەبی ئەرقەم جێگای کۆبوونەوەی موسڵمانان بوو لە مەککە، لەو ڕۆژگارانەی کە هێشتا ژمارەیان کەم بوو، بەخشکەیی دەچوونە ئەوێ لە ترسی قورەیش، لەوێش بە دیداری پێغەمبەر ﷺ شاد دەبوونو کاروباری ئاینەکەیانی لێوە فێردەبوونو ئەو سوورەتەی کە لە قورئان دابەزیوە وەریانگرت.[١]

ئاشکرایشە کە هەندێك لەوانە لەو سەردەمەدا خوێندەوار بوون، هەر بۆیە هەندێك لە سورەتەکانی قورئان نووسرایەوە، لەم بارەشەوە دەگێڕنەوە کە عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خوای لێبێت) چاوی کەوت بە لاپەڕەیەك سەرەتای سورەتی طەهای تیا نووسرابوو، ئیتر کاریگەری تێکردو موسڵمان بوو.

ئەم هەواڵەش ئەوە دەگەیەنێت کە عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) لەو قۆناغەدا خوێندەواری بووە[٢]، هەروەها خەببابی کوڕی ئەرەتیش کە لاپەڕەکەی خوێندەوەتەوە سەر فاتیمەی خوشکی عومەر ڕەزای خوا لە هەموویان بێت، عەبدوڵلای کوڕی مەسعودیش یەکەمین کەس بوو کە قورئانی فێری موسڵمانان کرد لە مەککە.[٣]

بێگومان بارودۆخی نارەحەتی موسڵمانانو ڕووبەڕووبوونەوەی توندیان لەگەڵ قوڕیش، بەربەست بوو لەوەی کە موسڵمانان زۆربەی بایەخیان بە فێرکردن بدەن، چونکە جێگیری و لەسەر خۆبوون یارمەتی بڵاوبوونەوەی دەدات، هەروەها پێویستی کرداری بۆ بانگەوازی ئیسلامی - لە سەرەتاوە - دیاریکراو بوو.

---

١) ابن هشام: السيرة ١: ٢٥٣ حاشية (١)، والحاكم: المستدرك ٣: ٥٠٢- ٥٠٣.

٢) هەمان سەچاوە ١:٣٦٧ و دوای ئەوەیش.

٣) ابن سعد: الطبقات ٣: ١٥١

ب ـ چالاکی فێرکردن لە مەدینە:

خەڵکیی مەککە لە ئەنصارەکان شانسدارتربوون لە بڵاوبوونەوەی نووسین تیایاندا، ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە کۆمەڵگای بازرگانیدا پێویستی زۆرترە بە نوسین تاکو کۆمەڵگای کشتوکاڵی، واقیدی دەڵێت: "نووسینی عەرەبی لە نێو ئەوس‌و خەزرەجدا کەم بوو، هەندێ لە جوولەکەکانیش فێری نوسینی عەرەبی بوو بوون، منداڵی مەدینەشیان فێردەکرد لە سەردەمی یەکەمدا" واقیدی ناوی پانزە کەسی بردووە کە شارەزایی نوسینیان هەبووە[١] ئەم ژمارەیەیش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو هەوڵەی جوولەکەکان داویانە بۆ فێرکردنی نووسین کەم‌و دیاریکراو بووە. ئینجا ئەو کاتەی ئیسلام بڵاودەبوویەوە لەنێو ئەنصارەکاندا، سەرەتاکانی بزوتنەوەی فێرکردنی نوێ دەستی پێکرد. رافیعی کوڕی مالیکی ئەنصاری چوو بۆ مەککەو فێری ئەو سورەتانە بوو کە لە دەساڵی کۆتایدا دابەزیبوو لە خودی پێغەمبەر ﷺ [2] لە بەیعەتی عەقەبەشدا ئەنصارەکان لە مەککە داوایان کرد لە پێغەمبەر ﷺ کە "کەسێکمان بۆ بنێرە ئاینەکەمان تێبگەیەنێت‌و قورئانمان بۆ بخوێنێتەوە"، ئیتر پێغەمبەر ﷺ موصعەبی کوڕی عومەیری بۆ ناردن.[٣]

دوایی کۆچ کرا بۆ مەدینەو دەوڵەتی ئیسلام بەرپا بوو، جا پێویستیەکانی بانگەوازو بەڕێوەبردنی کاروبار وایدەخواست کە هەوڵی زۆر بدرێت بۆ بڵاوبوونەوەی زانست‌و فێربوون.

مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ لەم بارەوە ڕۆڵێکی گەورەو بەرچاوی گێڕا، دواتر هەشت مزگەوتی تر بوونە پاڵپشت بۆی[٤]، مزگەوتیش موسڵمانان پێنج وەختە تیایدا کۆدەبوونەوە بۆ نوێژ، کۆڕەکانی زانستیشی تیا دەبەستراو وتاری هەینی تیا دەوتراو قورئانی تیا دەخوێندرا، گرنگی مزگەوت تا چەندین سەدەی دوای ئەوانیش هەر بەردەوام بوو.

ئینجا لەلای باکووری مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ جێگای صوففە هەبوو کە هەژارانی موهاجیرو ئەنصارو ئەو نەناسراوانەی هاتبوونە مەدینە تیایدا دەژیان، ئەوانە دابڕابوون بۆ زانست‌و خواپەرستن‌و جیهاد، هەندێ ڕیوایەتی مێژوویش هاتووە ئەوە دەگەیەنێت کە خوێندنەوەو نووسین لە

١) البلاذري: فتوح البلدان ٦٦٣ـ ٦٦٤.

٢) ابن حجر: الاصابة ٢: ١٤٤.

٣) هەمان سەرچاوە ١: ١٢٤.

٤) البلاذري: انساب الاشراف ١: ٢٧٣.

نێو چالاکیە فێرکردنەکانی صرففەدا بووە، یەکێك لەوانەش ئەو ئەرکەیان لە ئەستۆ گرتووە عوبادەی کوڕی صامیت بووە[١]، عوبادە دەڵێت: "خەڵکانێکم لە ئەهلی صوففە فێری نووسین و قورئان خوێندن کرد"[٢].

شان بەشانی مزگەوتیش هەندێ ناوەندی تر هەبوو بۆ فێرکردن لە مەدینە وەکو ئیبنو مەسعود ئاماژە دەکات و دەفەرموێت: "لەزاری پێغەمبەرەوە ﷺ حەفتا سورەتم وەرگرت، ئەوکاتە زەیدی کوڕی سابیت پەرچەمێکی هەبوو لە حوجرە"،[٣] هەروەها ئەنەسی کوڕی مالیك باسی کردووە لە بوونی حوجرەو مامۆستا لەسەردەمی خەلیفە ڕاشیدەکاندا،[٤] ئێمە نازانین ئەو حوجرانەکەی بڵاوبوونەتەوە لەناو مەدینەو درەوەیدا، بەڵام ئاماژەیەك هەیە بۆ حوجرەیەك لە تائیف، کە جەریری کوڕی حەیەی سەقەفی مامۆستایی تیادا دەکرد.[٥]

بەهەمان شێوە ئاماژەیەك هەیە بۆ "دار القراء " لە مەدینە، ـ کە هیچ نەبێت ـ بوونی هەبووە دوای جەنگی بەدری گەورە،[٦] بەڵام زانیاریمان لە بەردەستدانی یە دەربارەی سرووشتی ئەو جێگایانە، یان ئەو ئەرکانەی پیان سپێردراوە. بەڵام بە ناوەکەی وا دەردەکەوێت کە گرنگی داوە بە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز. پێغەمبەری خوایش ﷺ سوودی وەرگرت لە هەندێ دیلەکانی بەدر لەبتپەرستەکان، کە ڕزگارانەی هەر یەکێکیان فێرکردنی نووسینە بۆ دە کەس لە لاوانی ئەنصار، زەیدی کوڕی سابیت یەکێك بوو لەوانەی فێری نووسین بوون لەگەڵ کۆمەڵێك لە لاوان[٧].

---

١) ابوداود: السنن ٢: ٢٣٧، وابن ماجة ٢: ٧٣، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی (اهل الصفة) بڕوانە: اکرم العمري: المجتمع المدني ٩٦.

٢) احمد: المسند ٥: ٣١٥.

٣) احمد: االمسند ١: ٣٨٩، والخطيب: الجامع ٢: ٩٢ وفيه "وان زيدا ليختلف الى الكتاب".

٤) ابن سحنون: اداب المعلمين ٤٠ـ ٤١.

٥) ابن حجر: الاصابة ١: ٤٦٢.

٦) الخزاعي: تخريج الدلالات السمعية ٨٠.

٧) احمد: المسند ٤: ٤٧ باسناد صحيح، وقال البناء فى الفتح الرباني: فى اسناده علي بن عاصم فيه كلام و لكن وثقه الامام احمد: وابن سعد الطبقات ٢: ٢٢، وابو عبيد: الاموال ١١٦، والحاكم: المستدرك ٢: ١٤٠، والمقريزي: امتاع الاسماع ١٠١، والخزاعي: تخريج الدلالات السمعية ٧١.

هەندێ ڕیوایەتیش هاتووە دەربارەی پێشڕەوانی فێرکردن لەو سەردەمەدا. بۆ نموونە حەکەمی کوڕی سەعدی کوڕی عاصی ئومەوی نووسەر بوو، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمانی پێکرد خەڵکی فێری نووسین بکات لە مەدینە...

هەروەها ژێری و قسەی نەستەقی فێری خەڵکی دەکرد.[١]

یەکێکی تریش لەو پێشڕەوانە، عەبدوڵڵای کوڕی سەعیدی کوڕی عاص بوو، کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێکرد بوو هەڵسن بە فێرکردنی نووسین لە مەدینە، عەبدوڵڵا نووسەر بوو، لە ڕۆژی بەدردا شەهید بوو.[٢]

هەروەها شیفای کچی عەبدوڵڵای عەدەوی قوڕیشی یەکێك بوو لە یەکەمین کۆچکردوەکان، پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێکرد حەفصەی دایکی ئیمان داران فێری نووسینبکات، ئەمەش کۆنترین ئاماژەیە بۆ فێرکردنی نووسین بۆ ئافرەتانی موسڵمانان.[٣]

سەعدی کوڕی عوبادەش سەرکردەی خەزرەجی (بە عەرەبی دەینووسیو شارەزای مەلەوانی و تیرهاوێشتن بوو، جا پێی دەوترا بێ عەیب)[٤]، هەروەها (جوهویمی کوڕی صەڵتی مونتەلیبی فێری نووسین بوو بوو لە سەردەمی جاهیلی دا، ئەوکاتە بوو بە موسڵمان بۆ پێغەمبەر ﷺ دەینوسی)[٥]، ئینجا (عومەری کوڕی خەتتابیش نووسەر بوو، هەندێ ئایەتی بەدەستی خۆی نووسیی)[٦] ئەبو ڕەیحانەی ئەزدیش هەندێ لاپەڕەی هەبوو ئەو یەکەم کەس بوو کە پەڕاوی پێچایەوەو تیایدا نووسیی.[٧]

---

١) ابن حجر: الاصابة ٢: ١٠٢ـ ١٠٣.

٢) ابن حجر: الاصابة ١: ٣٤٤، وانظر تهذيب تاريخ دمشق لابن عساكر ٧. ٤٣٨ حيث يذكر انه ابن احيحة بن العاص.

٣) ابن حجر: الاصابة ٧: ٧٢٧، ٧٢٩، والخزاعي تخريج الدلالات السمعية ٧١، ٧٣.

٤) ابن حجر: الاصابة ٣: ٦٦.

٥) ابن حجر: الاصابة ١: ٥٢٤.

٦) الطبري: تفسير ٢٤: ١٥.

٧) ابن حجر: الاصابة ٣٥٩، ٣٦١.

لە پێشڕەوە پێشکەوتووەکانی فێرکردن لە مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ لە مەدینە سەعدی کوڕی ڕەبیعی خەزرەجی‌و بەشیری کوڕی سەعدی کوڕی سەعلەبەو ئەبانی کوڕی سەعدی کوڕی عاص (ڕەزای خوایان لێبێت)[1].

یەکێك لە بەرهەمەکانی سیاسەتی فێر کردن کە پێغەمبەر ﷺ گرتیەبەر پەرەسەندنی ژمارەی نووسەران بوو لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا، تا گەیشتە ئەوەی تەنها نووسەرانی پێغەمبەر ﷺ ژمارەیان گەیشتە پەنجا نووسەر، هەندێکیان نووسەری وەحی بوون، وەکو: عەلی کوڕی ئەبوتالیب، عوسمانی کوڕی عەففان، زەیدی کوڕی سابیت، ئوبەی کوڕی کەعب، عبدوڵڵای کوڕی سەعدی کوڕی ئەبی سەرح، حەنزەڵەی کوڕی ڕەبیع، موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان، ئەبانی کوڕی سەعیدو خالیدی کوڕی سەعید (ڕەزای خوایان لێبێت). هەندێکیشیان ماڵی زەکاتیان دەنووسی وەکو زوبێری کوڕی عەووام‌و جوهەیمی کوڕی صەڵت (ڕەزای خوایان لێبێت)و هەندێکی تریشیان قەرزو گرێبەستەکانیان دەنوسی وەکو عەبدوڵڵای کوڕی ئەرقەمی زوهری‌و عەلائی کوڕی عوقبە (ڕەزای خوایان لێبێت).[2]

دەوڵەتیش پاڵپشتی هەوڵەکانی فێرکردنی دەکرد لە مەدینە، بۆ نموونە: عومەری کوڕی خەتاب (ڕەزای خوای لێبێت) مووچەی دانا بۆ سێ کەس لەو مامۆستایانەی منداڵیان فێر دەکرد، هەریەکێك لەو سێ مامۆستایە پانزە درهەمی مانگانەیان هەبوو.[3] سەعدی کوڕی ئەبی وەققاصیش داوای کرد لە پیاوێك بێت بۆ مەدینە لە عێراقەوە بۆ ئەوەی کوڕەکانیان فێر بکات‌و موچەی بۆ دیاری بکەن.[4]

فێرکردنیش پیاوان‌و ئافرەتان دەگرێتەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ کۆڕێکی تایبەتی کردبوو بۆ ئافرەتان لە مزگەوتی خۆی لە مەدینە[5]، لەسەر داوای خۆیان،[1] هەروەها فەرمانیشی دەکردە پیاوان ـ کە

١) ابن عبد البر: الاستيعاب ١: ٦٤، و ابن سعد: الطبقات ٣: ٥٣١، وابن حجر: الاصابة ١: ١٠.

٢) الكتاني: التراتيب الادارية ١: ١١٥، ١١٧، والجهشياري: الوزراء والكتاب ١٢ـ ١٣، والخزاعي: تخريج الدلالات السمعية ١٥٩ـ١٧٣.

٣) ابن عساكر: تاريخ دمشق ٨: ق ٩٢ ترجمة صدقة بن موسى الدمشقي، والمتقي الهندي: كنز العمال ٣: ٩٢٤ نقلا عن ابن شيبة والبيهيقي.

٤) ابن سحنون: كتاب أداب المعلمين ٣٧.

٥) البخاري: الصحيح (فتح الباري ١: ١٩٢ حديث رقم ٩٨).

ئەوان هەلی فێربونیان زیاتر بۆ دەڕەخسا بە هۆی وابەستەبوونیان بە پێغەمبەر ﷺ و ئامادەبوونیان لە کۆڕە گشتیەکاندا. فەرمانی پێکردن ژنەکانیان فێربکەن[2]، جارێکیش پێی وتن: "ارجعو الى أهليكم فعلموهم". واتە: بگەڕێنەوە بۆ لای خێزانەکانتان فێریان بکەن.

ئینجا عائیشە ڕەزای خوای لێبێت ستایشی ژنانی ئەنصاری کردووە لەبەر ئەوەی هەوڵی فێربوونی زانستیان داوە.[3] ڕیزی ئافرەتەکان لە مزگەوت لە دوای ڕیزی پیاوانەوە بووە، هەرگیز کۆڕی تێکەڵاو نەدەبەسترا، هەر لەو سەردەمەوە کار کرا بە بنەمای قەدەغەکردنی تێکەڵاوی ژنو پیاو لەکاتی فێربووندا، تاکو ئێشتاش ئەم مۆرکە زاڵە بەسەر ژنانماندا، سەرەڕای ئەوەی کە دەزگاکانی فێرکردنی نوێ کاریگەری تێکراوە سەبارەت بە شێوازی ڕۆژئاوای لە فێرکردنی تێکەڵاودا.

ج ـ بڵاوبوونەوەی فێرکردنی ئیسلامی لە بیابانو شارە تازەکاندا.

فێربوون لەتەشەنە کردندابوو لە بیابانە نزیکەکانی مەککەو مەدینە، هەر لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ خۆیەوە کاتێك نێردەی ڕەوانە دەکرد بۆ بیابانەکان، یەکێك لەوانەش نوێنەرانی ڕەجیع بۆ (عضلو قارە) بەمەبەستی فێرکردنیانو ئاشناکردنیان بە ئیسلام، ئەو نێردەیە دە کەس لە هاوەڵانی لە خۆی گرتبوو (ڕەزای خوایان لێبێت)، بەڵام هۆزی بەنو لیحیان ڕێگەیان پێگرتنو هەموویان کوژران بێجگە لەدوانیان کە بەدیل گیرانو فرۆشران بە قوڕەیش ئەوانیش هەڵسان بەکوشتنیان،[4] بەهەمان شێوەی (بئر معونة) کە حەفتا لە قورئانلەبەرانی لە خۆگرتبوو بەرەو نەجد دەڕۆشتنو تووشی دەست درێژیو ستەمی عەرەبە بیابان نیشینەکان بوونو هەموویان کوژران، یەکێکیان نەبێت کە هەواڵەکەی هێنایەوە بۆ مەدینە[5].

ئینجا لەپاش پرۆسەی فەتحی مەککە پێغەمبەر ﷺ موعازی کوڕی جەبەلی لە مەککە بەجێهێشت بۆ کاروبارە ئاینیەکانیان فێربکاتو قورئانیان پێبخوێنێت[6]، دواتر وەکو داوەر ڕەوانەی کرد بۆ

١) هەمان سەرچاوە ١: ١٩٠حديث رقم ٩٧.
٢)هەمان سەرچاوە١: ١٨٣ باب ٢٥.
٣) هەمان سەرچاوە١: ٢٢٨ باب ٥٠.
٤) البخاري. الصحيح (فتح الباري ٧: ٣٨).
٥) هەمان سەرچاوە ٧: ٣٨٦. ٣٨٨.
٦) ابن هيشام السيرة ٢. ٥٠٠، والخزاعي. تخريج الدلالات السمعية ٦٧.

جەنەد لە یەمەن بۆ ئەوەی خەڵکی فێری قورئانو شەریعەتی ئیسلام بکات، هەروەها داوەریی نێوانیشیان بکات.[١] "موعاز مامۆستا بوو جێگۆڕکێی دەکرد لە نێوان یەمەنو حەزرەمەوتدا"[٢].

ئینجا پێغەمبەر ﷺ ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەڕاحی نارد بۆ لای خەڵکی نەجران، لەسەر داواکاری خۆیان کە "کەسێك بنێرن سوننەتو ڕێنمایەکانی ئیسلامان فێر بکات"،[٣] دوای ئەوە عەمری کوڕی حەزمە (ڕەزای خوای لێبێت) ناردی بۆ لایان کە هێشتا تەمەنی حەڤدەساڵ بوو، بۆ ئەوەی لە ئاین تیان بگەیەنێتو قورئانیان فێربکاتو زەکاتەکانیشیان کۆبکاتەوە، ئەمەش لەساڵی دەی کۆچی بوو[٤].

لەسەردەمی ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێت) هەواڵی نێردە فێرکاریەکان دەبڕێتەوە، لەوانەیە هۆکاری ئەوە بگەڕێتەوە بۆ ڕوداوەکانی بزووتنەوەی پاشگەزبوونەوەی ترسناك، چونکە لەو ماوەیە بیابانەکان ئاسایشی تیادا نەمابوو، بەڵام پاش یەکخستنەوەی دوورگەو فراوان بوونی فتوحات بە خیلافەتی عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) جارێکی تر ئەو نێردانە چالاك بوونەوە.

ئینجا عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) کەسێکی ڕەوانە کرد بۆ بیابانەکانو داوای لێکرد قورئانیان پێ بخوێنێت، هەرکێ ڕازی نەبوو بەقەمچی لێی بدات.[٥] مەسەلەی فێرکرنیشی بە بەشێك لە لێپرسراوێتی فەرمانڕەواکان ژمارد لە شارەکان. لە یەکێك لە وتارەکانیدا هاتووە ئەفەرموێ: "خوایەگیان دەتکەم بەشایەت بەسەر فەرمانڕەوای شارەکان، چونکە بۆ ئەوە ناردوومن کە خەڵکی فێری ئاینو سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بکەن[٦]. هەمان ئەم واتایەی لە بۆنەیەکی تردا دوپات کردووەتەوە[٧].

فەرمانڕەوایانی عومەریش لەسەر شارەکان دەرکیان بە ئەم لێپرسراوێتیە دەکرد، ئەبو موسای ئەشعەری بەڕاشکاوی باسی ئەوەی کرد کاتێك وەکو فەرمانڕەوا گەیشتە بەصرەو فەرمووی:

١) ابن سعد: الطبقات ٧: ٣٨٨ وابن عبد البر: الاستيعاب ١: ٢٤٦، والخزاعي: تخريج الدلالات السمعية ٦٧.

٢) الطبري: تاريخ الرسل والملوك ١: ٢ ١٨٥ـ ١٨٥٣(ط. ليدن)

٣) احمد: المسند ٣: ٢١٢، وابن سعد: الطبقات ٣: ٤١١ ـ٤١٢.

٤)الطبري: تاريخ الرسل والملوك ١: ١٨٥٢، والخزاعي. تخريج الدلالات السمعية ٧٩.

٥) ابن حجر الاصابة ١: ١٥١.

٦) احمد: المسند ١: ٤٨، وابن سعد. الطبقات ٣: ١، ١٤٩.

٧) ابن سعد: الطبقات ٣: ٢٨١.

"عومەری کوڕی خەتتاب منی ناردووە، ئاین‌و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ تان فێر بکەم.[1] ئینجا ئەبو موسا قورئانی دەخوێند بۆ قوتابیەکانی دوای ئەوەی کە دای دەنیشاندن بەشێوەی بازنە بازنە، دوو پۆشاکی سپی لەبەردا بوو لەوکاتەدا.[2] ئەبو موسا بایەخێکی زۆری دایە قورئان خوێنەکان لە بەصرە، بۆیە ژمارەیان زیادی کردو پلەو پایەی فیکری و سیاسیان بەهێز بوویەوە، ڕۆڵیشیان هەبوو لە ڕووداوەکانی سەرەتای ئیسلام[3].

عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) بەوەندە ڕانەوەستا کە فەرمانڕەوای شارەکان هەڵسن بە بڵاوکردنەوەی فێربوونی زانست، بەڵکو پشگیریی دەکردن بەو زانایانەی کە لە مەدینەوە بۆیانی دەناردو ڕاسپاردەی پیا دەناردو... دە کەس لە هاوەڵانی نارد بۆ بەصرە کە عبدوڵڵای کوڕی موغەففەلیان تیادا بوو بۆ فێرکردنی خەڵکیی.[4]

هەروەها عیمرانی کوڕی حوصەینی خوزاعی (ڕەزای خوای لێبێت) نارد بۆ بەصرە بۆ ئەوەی خەڵکەکەی فێری شەریعەتی ئیسلام بکات، عیمران یەکێك بوو لە زانایانی ناو هاوەڵان[5].

قەرەزەی کوڕی کەعب دەگێڕێتەوە، کاتێك ویستی بچێت بۆ کووفە لەگەڵ ژمارەیەك لە یاوەرانی، عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) بە ڕێکخستن فەرمووی: ئێوە دەچنە شارێك دەنگیان وەکو دەنگی مێشهەنگ دێت لە خوێندنی قورئاندا، بۆیە سەرقاڵیان مەکەن بە گێڕانەوەی فەرموودە، تەنها باسی قورئان بکەن، کەمیش ڕیوایەت بگێڕنەوە لە پێغەمبەر ﷺ"[6].

بە هەمان شێوە عومەر عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودی بەڕێخست بۆ کووفە بۆ ئەنجامدانی هەمان مەبەست[7] لە ڕاستیدا پشکی کووفە لە هاوەڵان یەکجار گەورە بوو، چونکە سێ سەد لە کۆمەڵی حودەیبیەو حەفتا لە ئەهلی بەدری تیا دابەزین.[8]

---

١) الدارمي: السنن ١: ١٣٥.

٢) الفاكهي: اخبار مكة ٤: ١٠ باسناد صحيح.

٣) صالح احمد العلي: دراسات في تطور الحركة الفكرية ١٥.

٤) ابن حجر: الاصابة ٤: ٣٤٣.

٥) ابن حجر: الاصابة ٤: ٧٠٥، ٧٠٦.

٦) ابن سعد: الطبقات ٦: ٧ .

٧)ابن حجر: الاصابة ٤: ٢٣٥.

٨) ابن سعد: الطبقات ٦: ٩.

عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) ـ لەلایەکی ترەوە ـ موعازی کوڕی جەبەل‌و عوبادەی کوڕی صامیت‌و ئەبو دەردائی نارد بۆ شام، چونکە خەڵکەکەی پێویستیان بەکەسانێك بوو قورئانی پیرۆزیان فێر بکات[1]. جا عوبادە لەوێ داوەرو مامۆستا بوو[2]. ئەبوو دەردائیش (ڕەزای خوای لێبێت) هەڵسا بە ڕێکخستنی قوتابیەکانی، ئینجا دابەش کردنی لە چەند گرووپێکدا لەبەر زۆریان، چونکە مەحاڵ بوو بیتوانیایە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەموویان فێر بکات، لەکاتی دابەش کردنیاندا ڕەچاوی ئاستی زانستیانی دەکرد، هەر بۆیە ئاستی گرووپەکان جیاواز بوو، سوەیدەی کوڕی عەزیز دەڵێت، ئەبودەرداء (ڕەزای خوای لێبێت) کاتێك نوێژی نیوەڕۆی دەکرد لە مزگەوتێکدا خەڵکی لە دەوری کۆدەبوونەوەو قورئانیان لەسەری دەخوێند، جا ئەویش دەیکردن بە دە کەس دە کەس، لەسەری هەموو دە کەسیش عەریفێکی دیاری دەکرد، خۆیشی لە ناو میحرابەکە تەماشای دەکردن، ئەگەر کەسێك هەڵەیەکی بکردایە دەگەڕایەوە بۆ لای عەریفەکەی، ئەگەر ئەویش نەیزانیبا دەگەڕایەوە بۆ لای ئەبو دەرداء (ڕەزای خوای لێبێت)و پرسیاری لێدەکرد، ئیبنو عامیریش یەکێك بوو لە عەریفەکان، کاتێك ئەبو دەرداء (ڕەزای خوای لێبێت) وەفاتی کرد ئیبنو عامیر چووە جێگەکەی. موسلیمی کوڕی موشکیم ـ یەکێك بوو لە قوتابیەکانی ئەبوو دەردا ـ دەڵێت ئەو پێی وتم: سەرژمێری ئەوانە بکە کە قورئان دەخوێنن لام، جا سەرژمێریانم کرد زیاتر لە هەزارو شەشسەد کەس بوون، هەموو دە کەسیش یەکێك پێدەخوێندن، ئەبو دەردائیش لەسەریان ڕادەوەستا ئەگەر کەسێکیان تەواو شارەزابوایە دەگەشتە لای ئەبو دەرداء.[3] سەرکردەکانی فەتحیش بایەخیان دایە فێرکردن‌و خوێندنەوەو نووسین بۆ موسوڵمانان، چونکە داوایان کرد لە دیلەکانی قەیساریە موسڵمانان فێری نووسین بکەن، هەر بۆیە خرانە سەربازگەی جوروف لە فەلەستین بۆ ئەو مەبەستە.[4] ئینجا لە پاش فەتحی شام حوجرە سەریهەڵدا لەوێ، کە منالی فاتحەکان تێدا دەیانخوێند، ئەدهەمی کوڕی موحریزی باهی حمصی دەڵێت: "من یەکەم کەس بووم لە حیمص لە دایکبووم ـ واتە لە

---

١)ابن عساكر: تاريخ دمشق (تحقيق د. شكرى فيصل وآخرين) ص ٢٣ و ابن حجر الاصابة ٢: ٦٢٦.

٢) ابن عبد البر: الاستيعاب ٢: ٤٢٤.

٣) ابن الجزري: غاية النهاية فى طبقات القراء ١: ٦٠٦ـ ٦٠٧. ويعرض ابن عساكر فى تاريخ دمشق صورا اخرى ١:٣٩٩ـ٤٠٠.

٤) البلازري: فتوح البلدان ١٩٣.

موسڵمانان ـ یەکەم کەسیشم کەبینرام دەچووم بۆ حوجرە بۆ فێربوونی قورئان"[1] یەکێکی تریش لەوانەی زانستیان خوێند لە حوجرەکانی شامدا بە منداڵی، ئیاسی کوڕی موعاویەی موزەنی بوو دادوەری بەناوبانگی بەصرە[2] ئافرەتیش هەر لە دێرزەمانەوە لە شام بەشداریان کرد لە بڵاوبوونەوەی فێربوونی زانست، عەبدوڕەبیهی کوڕی سولەیمان دەڵێت: دایکی دەرداء لە تەختەکەمدا بە مەبەستی فێرکردن بۆی نووسیم، (دانایی فێربن بە منداڵی، بەڵکو کاری پێبکەن بە گەورەیی)، هەروەها (هەرکەسێك چی بکێڵێ لەچاکەو خراپە دەیدورێتەوە)[3] واشدەردەکەوێت کە فێرکردن لە شام مەڵبەندی تر بوو زیاتر لە شارەکانی تر، چونکە عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) "کاتێك شارەکانی فەتح کرد نووسراوی نارد بۆ ئەبوموسای ئەشعەری کە فەرمانڕەوای بەصرە بوو، فەرمانی پێکرد مزگەوتێکی گەورە دروست بکات، بەڵام لە ڕۆژی هەینی هەموویان حازری جومعەو جەماعەت بن لە مزگەوتی گەورە، هەروەها نووسراوی نارد بۆ سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص، کە فەرمانڕەوای کووفە بوو بە واتایەکی لەو شێوە، هەمان واتاشی لە نامەکدا نارد بۆ عەمری کوڕی عاص لە میصر، ئینجا نووسراوی نارد بۆ سەرکردە سەربازیەکانی شام: نەچنە لادێکانو شارەکان بە جێمەهێڵن، لە هەموو شارێکدا یەك مزگەوت دروست بکرێت هەموو هۆزێکیش مزگەوتی خۆیانیان نەبێت وەکو خەڵکی کوفەو بەصرەو میصر. خەڵکیش پەیوەست بوون بە فەرمانەکانو بەڵێنی عومەر"[4]

١) ابن بدران: تهذيب تاريخ دمشق الكبير لانی عساكر ٢: ٣٦٧.

٢) هەمان سەرچاوە. ٣: ١٨٠.

٣) ابن عساكر: تاريخ دمشق ١٩: ق ٤٠٨. ترجمة هجيمة بنت حيي ام الدرداء.

٤)ابن عساكر: تاريخ دمشق ٢ : ٩٤_ ٩٥(ط. المنجد).

باسی دووەم: مەڵبەندەکانی بزوتنەوەی ئەندێشەیی

شاری مەدینە بریتی بوو لە گرنگترین ناوەندە ئەندیشەیەکان لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ و خەلیفە ڕاشیدەکان، چونکە بنکەی سونندەتو کۆمەڵگای هاوەڵانی بوو، لەوێشەوە زانست بڵاوبوویەوە بۆ شارو شوێنەکانی تر، لە ڕێگەی دەرچوونی ژمارەیەکی گەورە لە هاوەڵان لە دوای وەفاتی پێغەمبەر ﷺ و جێگیر بونیان لە وڵاتە فەتحکراوەکانو بڵاو کردنەوەیان بۆ زانست و ڕیوایەت.

بە تێڕوانینێك بۆ ئەو بەشەی هەر یەك لە خەلیفەی کوڕی خەیات (٢٤٠ك)و موحەمەدی کوڕی سەعید (٢٣٠ك) تەرخانیان کردووە بۆ ژیاننامەی زانایانی مەدینەو هەڵسەنگاندنی لەگەڵ ئەوەی تەرخانیان کردووە بۆ شارەکانی تر، دەبینین مەدینە لە سەروی هەموو شارەکانی ترەوەیە لەو سەردەمە، ئەوەشی ماوە لە شارەکانی حیجاز ڕۆڵیان لاواز بووە ئەگەر بەراوردیان بکەین لەگەڵ مەدینە، لە نێو ئەو شارانەش زیاتر مەککە دیاربوو بە هۆی ئەوەی کە ناوەندی ئاینیی بووەو زانایان لە کاتی حەج لەوێ کۆدەبوونەوە.

بەڵام سەبارەت بە شارە تازەکان لە ڕووی جووڵەی زانستیەوە، کووفە و بەصرە و دیمەشق و فوستات زیاتر ئاشکران، چونکو ژمارەیەك لە یارو یاوەرانی پێغەمبەر ﷺ تیایاندا جێگر بوون، چونکە لە کووفە قوتابخانەی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود (ڕەزای خوای لێبێت) سەریهەڵدا، لە بەصرەیش قوتابخانەی ئەبو موسای ئەشعەری بۆ (قراءات) وەدەرکەوت، بەڵام دیمەشق - لە ڕووی گرنگی یەوە - لە پاش کوفەو بەصرەوە دێت، لە دوای ئەویش فوستان لە میصر، سەبارەت بە ڕۆژهەڵات گرنگی زانست دەرنەکەوت لەم قۆناغە پێشوەختەدا، سەرەڕای ئەوەی کە تۆوی فێرکردنی ئیسلامیی لە دڵی ڕۆڵەکانیدا هەر لەوکاتەوە چێنرابوو، ئەبو نوعەیم دەگێڕێتەوە "پیاوێك بوو لە ئەصفەهان بەنی سولەیمی بوو. هاوەڵی پێغەمبەریش بوو ﷺ یەکێك بوو لە بازرگانەکانو خەڵکیشی فێری شەریعەتو سوننەتەکان دەکرد".[1]

١) ابو نعيم: ذكر اخبار اصبهان ١: ٧٥.

ئامرازەکانی نووسین :

پێش بڵاوبوونەوەی کاغەز ـ کە لە جیهانی ئیسلامیدا لە نیوەی دووەمی سەدەی دووەمی کۆچی پەیدا بوو[١] ئامرازەکانی نووسین بریتی بوون لە بەرد و ئێسك، یان گەڵای دارخورماو پارچە، یان پێستو گەڵای بەردی (قیرتاسی) هەم ئاماژەیەکیش نەکراوە بۆ بەکار هێنانی کاغەز لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ و خەلیفە ڕاشیدەکان. مەبەست لە (قراطیس)یش تۆی ڕووەکی بەردیە کە لە دەلتای میصر دەڕویێت، لە دوورگەی عەرەبیش هەبوو پێش ئیسلام، یەکێ لە خاسیەتەکانی ئەوەیە لاپەڕەکانی پان بوو، بەڵام تێچونی گران بوو بەرگریشی لە کاغەز کەمتر بوو[٢] . ناوی (قرطاس) لە قورئانیشدا هاتووە،[٣] ئەو کاتە ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێت) ویستی قورئان کۆ بکاتەوە ئەوکاتە هەندێکیشیان لە قیرتاسدا[٤] نووسرابوون، چەند نوسخەیەکی قورئانیشمان پێگەیشتووە لە سەر گەڵای بەردی نووسراون، کە ئەمڕۆ لە (دار الکتب المصریة) پارێزراون[٥].

ئینجا خالیدی کوڕی وەلید کاتێك پەیمانی صوڵحی لەگەڵ دیمەشقدا بەست، لە سەر قەراتیس نووسرا، هەروەها پسووڵەکانی (الجار) یش هەر لەسەر ئەو گەڵایانە دەنووسرا،[٦] لە پاش فەتحی میصریش لەلایەن عەمری کوڕی عاصەوە (ڕەزای خوای لێبێت) بەکارهێنانی قیرتاس بووە باو لە وڵاتی عەرەبدا.

پێویستیەکانی دەوڵەتیش بۆ قیرتاسو ئامرازەکانی تری نووسین تادەهات زیادی دەکرد، تەنانەت خانوویەك لە نزیکیماڵی عوسمان تەرخان کرا بۆ پاراستنی قیرتاس[٧] سەبارەت بە پێست، عەرەب لەنووسین دا بەکاری دەهێنا، بەڵام لە ژێری ناوی (الرق، الادیم، القضیم) ڕەق بریتی بوو لە پێستی سپی ناسك لە سەری دەنووسرا، ئەدیمیش بریتی بوو لە هەر پێستێك، یان تەنها پێستی سوور، یان

١) صالح احمد العلي: دراسات فی تطور الحرکة الفکریة ١٣.
٢) صالح احمد العلي: دراسات فی تطور الحرکة الفکریة ٥٤ـ ٥٥ .
٣) الانعام ٩١٠٧.
٤) السیوطي: الاتقان ١: ٦٠، وصالح: دراسات فی تطور الحرکة الفکریة ٥٤ـ ٥٥ .
٥) صالح العلي: دراسات فی تطور الحرکةالفکریة ٥٤ـ ٥٥ .
٦) هەمان سەرچاوە ٥٥. پسووڵەی (الجار) دەوڵەت دروستی دەکردو ئازوقەی خەڵکی تیادا بوو لە داهاتەکانی میصر.(جار) یش بەندەری خەڵکی مەدینە بوو لەسەر دەریای سوور (البکر: معجم مااستجعم ٢: ٣٥٥).
٧) البلاذري: انساب الاشراف ١: ٢٢ .

خۆشەکراوە، لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ دا بە زۆری بەکار دەهێنرا، خودی قورئانیش هەر لەسەر ئەدیم دەنووسرا، بە هەمان شێوەی نووسراوەکانی پێغەمبەر ﷺ کە دەی نارد بۆ ئەهلی دۆماو مالیکی جوزامیو زوهێری کوڕی قەیسو تەرخانکردنی زەوی بۆ عەباسی کوڕی سەلەمە، هەموو ئەوانە لەسەر ئەدیم دەنوسران هەندێکیان سوور و هەندێکیان خەولانی. سەبارەت بە قەزیم، بریتی یە لە پێستی سپی، دەشگێڕنەوە، مەبەست لەوە لاپەڕەی سپیە. پێغەمبەری خوایش ﷺ لە دونیا دەرچوو و قورئان لەسەر گەڵای دار خورماو قەزیم نووسرابوو.[1] هاوەڵانیش یەکدەنگ بوون لەسەر نووسینی قورئان لەسەر ڕەق لەبەر زۆری بەرگە گرتنی، یان لەبەر ئەوەی تەنها ئەوە دەست دەکەوت.[2]

ئەبو ڕەیحانەی ئەزدیش (ڕەزای خوای لێبێت) هەندێ لاپەڕەی هەبوو، کە ئەو یەکەم کەسە لاپەڕەی لوول کردووە[3]. هەروەها سەعدی کوڕی جوبەیر لە لاپەڕەدا دەی نووسی لەلای ئیبو عەباس (ڕەزای خوای لێبێت)، ئەگەر لاپەڕەکە تەوا بوایە لەسەر نەعلەکەی دەی نوسی، ئەگەر لەوێش جێگە نەمایە لە ناو دەستی دەینووسی .[4] ئیبنو عەباس (ڕەزای خوای لێبێت) تەختەی بەکار دەهێنا[5] نووسینەکانیشی گەیشتە باری وشترێك.[6]

کەسانێکی تریش لە ناو دەستیان بە قامیش دەیان نووسی لەلای بەڕائی کوڕی عازیب (ڕەزای خوای لێبێت)[7] بێگومان نووسین لە ناو دەست هۆکارێك بوو بۆ بیرکەوتنەوەی وەکو سەبوورەی ئەمڕۆ بووە.

زەیدی کوڕی سابیتیش (ڕەزای خوای لێبێت) پشکی نەنکی لە میراتی نووسین لەسەر تەختەیەك لە کۆپارەی بەرز بووی حوشتر دەچوو[8] لاپەڕەکانیش لەبازاڕدا بە دەست دەکەوت، بۆ نموونە: حاریسی

١) صالح العلي: دراسات فى تطور الحركة الفكرية ٥١.
٢) القلقشندي: صبح الاعشى ٢: ٤٢٥، وصالح العلي: دراسات فى تطور الحركة الفكرية ٤٩.
٣) ابن حجر: الاصابة ٣: ٣٥٩، ٣٦١.
٤) احمد بن حنبل: العلل ١: ٤٢، وفؤاد سزكين: تاريخ التراث العربي ١ : ٩٧
٥) ابن سعد: الطبقات ٢: ٣٧١(ط. دار صادر).
٦)هەمان سەرچاوە ٥: ٢٩٣.
٧) احمد بن حمبل: العلل ١: ٤٢، وابن عبدالبر: جامع بيان العلم و فضله ٧٣.
٨) الدار قطني: سنن ٤: ٩٣ـ ٩٤.

کوڕی ئەعوەر هەندێ لاپەڕەی بە یەك درهەم کڕیو بردی بۆ خزمەتی عەلی (ڕەزای خوای لێبێت)، ئەویش زانستێکی زۆری بۆ نووسی تیایدا.[1]

هەندێکێشیان پەنایان دەبردە بەر (سەبورجە)، بۆیە ئەبانی کوڕی ئەبو عەباسیش شەوانی لە لای ئەنسی کوڕی مالیك لەسەری دەنووسیی.[2]

ئینجا نووسراوی میری هەر لە سەردەمی پێغەمبەرەوە ﷺ بە قوڕ دادەخراو مۆر دەکرا،[3] لەگەڵ فراوان بوونی پەیوەندیە دەرەکیەکانیشدا نووسراوەکان زیاتر پێویستیان بە پاراستن بوو، بۆیە عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) دیوانی داهێناو ڕێککەوتننامەکان کە لە نێوان خۆیو هەر لایەنێکدا کرابێت لە تابووتێکدا دەیپاراستن.[4]

١)ابن سعد: الطبقات ٢: ٥٨.

٢) الخطيب: الجامع ٢: ٥٨.

٣) الخزاعى. تخريج الدلالات السمعية١٧٣.

٤) المقريزى: الخطط ١: ٢٩٥.

باسی سێیەم: بابەتەکانی فێرکردن

فێرکردن لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺو خەلیفە ڕاشیدەکان تەنها بریتی نەبوو لە قۆناغە سەرەتایەکانی فێربوونی نووسینو خوێندنەوە، بەڵکو چەند جۆرێکی تری لە خۆگرتبوو لە شێوازی بەرزو پسپۆڕی ورد، زۆر جاریش پەیوەست نەبوو بە شارەزایی لە نووسین، بەڵکو هەر لە ڕێگەی بیستن و قسە کردنەوە ئەنجام دەدرا، چونکە ئەوە هۆکاری یەکەمی پێگەیاندن بوو لەو سەردەمەدا، هەندێکی دیاریکراویش لە هاوەڵان گەشەیان کرد لە چەند هونەرێکی دیاریکراودا، ژمارەیەکیشیان لە چەند هۆنەرێکدا شارەزا بوون.

ئەو زانایانە هەڵسان بە ڕۆڵی خۆیان لە بلاو کردنەوەی زانست و ئامادەکردنی بیرو هۆشەکان بۆ وەرگرتنیو گەشەپێکردنی خوێندکارەکانو یارمەتیدانی دەوڵەت بە ڕەگەزی سەرکردایەتی پێویست.

بابەتەکانی فێرکردنیش خۆی دەبینیەوە لە قورئانو زانستەکانی: فەرمووده، فیقه، زمانی عەرەبی، مێژوو، هۆنراوە، بەسەرهات، قسەی نەستەق، داستان، ئەستێرەناسی، زمان و ڕۆشنبیریە بیانیەکان.

ئیستاش هەندێ لەو بابەتانەو ئەوانەی تێدا پسپۆڕ بوون لەو سەردەمەدا دەخەینەڕوو بە پێی ئەو زانیاریانەی پێمان گەیشتووە:

أ- قورئان و زانستەکانی:

بێگومان لەبەرکردنی قورئان و بە خەڵکی وتنەوەی و ڕاڤەکردنی، لە پێش هەموو بابەتەکانی ترەوە دەهات، چونکە قورئان تاکە کتێبك بوو کە بە تەواوی نووسرا بوو لەو سەردەمەدا، موسڵمانان هەر لە کاتی دابەزینیەوە بۆ سەر پێغەمبەر ﷺ بڕ بڕ دەیان نووسیەوە، دواتر لەم نووسراوە بەشبەشانە نوسخەیەکیان کۆکردەوە لە سەردەمی ئەبوبەکری سدیق (ڕەزای خوای لێبێت)، ئەم ئەرکە زەیدی کوڕی سابیت پێی هەڵسا بە فەرمانی ئەبو بەکر (ڕەزای خوای لێبێت)، دوای ئەوەی عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خوای لێبێت)، پێشنیازی کۆکردنەوەی کرد، دواتر ئەو نوسخە گەشتە لای عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) لە سەردەمی خۆیدا، ئینجا سپێردرا بە دایکی ئیمانداران حەفصەی کچی عومەر (ڕەزای خوای لێبێت).

ئینجا جارێکی تر لە سەردەمی عوسمانی کوڕی عەففاندا (ڕەزای خوای لێبێت) قورئان کۆکرایەوە لەلایەن لیژنەیەکی چوار کەسیەوەکە فەرمانی پێکردن بە پێکهێنانی ئەو ئەرکەی پیان سپێردرابوو،

ئەو لیژنەیە پێك هاتبوون لە زەیدی کوڕی سابیت (ڕەزای خوای لێبێت)و هۆکاری هەڵبژاردنشی لەبەر ئەوەبوو کە گوێبیستی کۆتا خوێندنەوەی پێغەمبەر ﷺ بوو بۆ هەموو قورئان بەدەقی تەواو بێجگە لەو ئایەتەی کە خوێندنەوەی نەسخ کراوە، هەروەها لەبەر ئەوەی خۆی هەڵسا بە کۆکردنەوەی یەکەم لە خیلافەتی ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێت)، جگە لەوەش هەر لە بنچینەوە نووسەری وەحی بووە لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ.

سێ کەسەکەی تریش لە لیژنەکە: عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیرو سەعدی کوڕی عاصو عەبدوڕەحمانی کوڕی حاریسی کوڕی هیشام بوو، ئەندامانی لیژنە هەموویان قوڕەیشی بوون زەید نەبێت ئەنصاری بوو، عوسمان (ڕەزای خوای لێبێت) بناغەی کارکردنی بۆ لیژنەکە دەستنیشان کردو فەرمووی: "ئەگەر لە وشەیەکدا جیاواز بوون لەگەڵ زەیددا ئەوا بەزمانی قوڕەیشی بینووسن، چونکە قورئان بەزمانی ئەوان دابەزیوە، لیژنەکە کاری خۆی بەئەنجام گەیاندو هاوەڵانیش ڕەزامەندیان دەربڕی لە سەرکارەکەی، ئینجا شەش نوسخەی لەبەر گیرایەوەو دابەش کرا بەسەر دەڤەرەکانی مەککەو شام و بەصرە و کووفە، نوسخەی پێنجەم لە مەدینە گلدرایەوە، نوسخەیەك لەلای عوسمان خۆی مایەوە، پاشان هەرچی قورئان هەیە لەبەر نوسخەکەی عوسمان گیرایەوە، کە بە موصحەفی ئیمام دەناسرا، شێوازی نووسینیشی بە ڕەسمی عوسمانی ناوبانگی دەرکرد.

دەقی قورئان لەو سەردەمە نوختەو سەرو ژێری نەبوو، خوێندنەوەی پێویستی بە سەلیقەی زمانەوانی بوو، هەروەها دابەزینیشی لەسەر حەوت پیت، بووە مایەی دروست بوونی هەندێك ناکۆکی لە شێوازی خوێندنەوەیدا، ئەمجا کورتکردنو کشتگیری و ناسخو مەنسوخ تیایدا پێویستی دەکرد بە زانینی هۆی دابەزانی ئایەتەکانو دیاریکردنی خوێندنەوەی ڕاستو لێکدانەوەی ماناکانیو دەرخستنی حوکمە شەرعیەکان، هەموو ئەوانەش پێویستیان بە پسپۆری ورد بوو، جا سەبارەت بە (قراءات) ژمارەیەك لە هاوەڵان تیایدا دیار بوون، لەوانە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود (ڕەزای خوای لێبێت)، خۆی قورئانیکی نووسراوی هەبوو لەگەڵ خۆی بردی بۆ کووفە، هەروەها حەفتا سورەتیشی لە زاری پێغەمبەر ﷺ ەوە بیستووە.[١]، هەروەها بە وردی شارەزایی هەبووە لە لێکدانەوەی قورئاندا، مەسروقی قوتابییشی شێوازی فێرکردنی مامۆستاکەی باس دەکاتو دەڵێت: "عەبدوڵڵا

١)ابن سعد: الطبقات ٣: ١٥١، واحمد: المسند ١: ٣٨٩.

سورەتێکی لە قورئان بۆ دەخوێندمەوە، ئەمجا بە درێژایی ڕۆژەکە باسی دەکردو تەفسیری دەکرد"[١].
هەروەها زەیدی کوڕی سابیتو ئوبەی کوڕی کەعب (ڕەزای خوایان لێبێت) هەڵکەوتنو لەو کەسانە بوون قورئانیان فێری خەڵکی دەکرد[٢].

پێغەمبەریش ﷺ ڕاسپاردەی فەرمووە کە قورئان لە چوار کەسەوە وەربگیردرێت: عەبدوڵلای کوڕی مەسعود، موعازی کوڕی جەبەل، ئوبەی کوڕی کەعبو سالیمی مەولای ئەبو حوزەیفە (ڕەزای خوایان لێبێت).[٣]

عەلی (ڕەزای خوای لێبێت) قورئانی بە تەواوی لەبەر کرد لە پاش لە دونیا دەرچوونی پێغەمبەر ﷺ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ.[٤] فەرموودەی زۆریش هاتووە هاندانی تیادایە بۆ لەبەرکردنی قورئانو خوێندنەوەی و تێگەیشتنیو زانینی مەبەستەکانی، لەوانە: فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ "تعلموا القرآن"[٥] واتە: خۆتان فێری قورئان بکەن.

بەڵام مەسەلەی تەفسیر پشتی دەبەست بە لێکدانەوەی پێغەمبەر ﷺ بۆ ئایەتەکانی، سەبارەت بە هۆی دابەزینی ئایەتەکانیش زانراوبوو لای شارەزایانی هاوەڵان، چونکە ئەوان لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەژیان، ئینجا دەبینین ئیبنو عەباس زۆر پشت دەبەستێ بە هۆنراوەی جاهیلی لەکاتی لێکدانەوەی ئایەتەکان، لەو سەردەمەشدا نیشانەکانی لێکدانەوە بە بۆچوونی کەسێتی دەرنەکەوتبوو جارێ، بەڵکو بە پێچەوانەشەوە ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێت) خەڵکی دەترساند لەو جۆرە لێکدانەوەو دەیفەرموو: کام ئاسمان دام دەپۆشێ و کام زەوی هەڵمدەگرێ، ئەگەر لە خۆمەوە دەربارەی قورئان قسە بکەم"[٦] چەند زارەوەیەکیش تێبینی دەکرێت لە قسەکانی ئیبنوعەباسدا پەیوەندیان هەیە بە زانستەکانی قورئان، ئەو واتای (الحكمة)ی لە ئایەتی (ومن يؤت، الحكمة فقد اوتى خيراً كثيراً).[٧]

---

١) الطبري: تفسير، رقم ٨٤ (ط. احمد شاكر).

٢)البيهقي: السنن ٦: ١٢٦.

٣) الخزاعي. تخريج الدلالات السمعية١٣٣.

٤) المتقي الهيندى: كنز العال ١٣: ١٢٨.

٥) الالباني: سلسلة الاحاديث الصحيحة، رقم ٢٥٨.

٦) الخطيب: الجامع ٢: ١٩٣.

٧) البقرة ٢٦٩.

بەوە لێکداوەتەوە "شارەزایی لە قورئان، لە ڕووی ناسخو مەنسوخو موحکەمو لە یەکچووو پێشکەوتوو دواکەوتوو و حەرامو حەلاڵو داستانەکانی"[1].

ب ـ فەرموودە:

وێڕای هەبوونی ژمارەیەك لە نووسەران لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ و ئەنجامدانیان بۆ نووسینی قورئان، بەلاَم فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ بە شێوەیەکی گشتگیری و تەواو نەنووسراوە، بەڵکو بە زۆری پشتیان بەست بە لەبەرکردنو بیر، پێغەمبەری خوایش ﷺ فەرمانی پێنەکردن بینووسنەوە، لەوانەیە بەم کارەش مەبەستی پاراستنی توانای لەبەر کردنیان بێت، بە تایبەت بە هۆی ئەوەی فەرموودە دەکرێت واتاکەی باسکرێت لە جیاتی دەقەکەی بە پێچەوانەی قورئانەوە، کە پیتو واتاکانی لە ئاسا بەرن پێکەوە، بۆیە ناکرێت تەنها واتاکەی باسکرێت، ئالێرەشەوە هەولی نوسەران تەنها لە چوارچێوەی نووسینەوەی قورئانی پیرۆز خۆی دەبینیەوە، هەروەها لەبەر مەترسی تێکەلْ بوونی فەرموودە بە قورئانی پیرۆزەوە لە لای موسڵمانان لە حاڵەتی تێکەڵبوونی لاپەڕەکانیان، بە تایبەت لە سەرەتاکانیدا، کە هێشتا دابەزینی قورئان تەواو نەبوو بوو، مسوڵمانانیش هێشتا ڕانەهاتبوون لە سەر شێوازی قورئان.[2]

هەندێ فەرموودەش هاتووە کە نەهی دەکات لە نووسینی فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ، هەندیکی تریش هەیە ڕێگە دەدات بە نووسین، بەهێزترین ئەو فەرموودانەش کە نەهی لە نووسین دەکەن ئەوەیە کە لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە لە ڕێگەی ئەبوسەعیدی خودری (ڕەزای خوای لێبێت) کە دەفەرموێت: پێغەمبەری خوامان ﷺ ماندووکرد هێندە داوامان لێکرد ڕێگەمان بدات فەرموودەکانی بنووسینەوە بەلاَم ڕازی نەبوو"[3] .

بەهێزترین فەرموودەکانی چاوپۆشیش لە نووسینی فەرموودە ئەوەیە کە لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە لە ڕێگەی ئەبوهورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێت) کە دەفەرموێت: "لە هاوەڵانی پێغەمبەر

١) ابن الجوزي: نواسخ القران ١١٠.

٢) بەسەرهاتێك دەگێڕنەوە لە عەبدوڵلای کوڕی ڕەواحە، کە چەند چامە هۆنراوەیەکی بۆ خێزانەکەی خوێندوەتەوەو ئەویش وای زانیوە قورئانە (الذهبي: سير اعلام النبلاء ١: ٢٣٨ وقد قال ان السند حسن لكنه مرسل).

٣) حديث رقم ٣٢٩٨.

ﷺ کەس نەبوو لە من زیاتر فەرموودەی لەبەربێت، تەنها عەبدوڵڵای کوڕی عومەر نەبێت، چونکە ئەو فەرموودەکانی دەنووسیو من نەم دەنوسی". [1]

هەروەها لە صەحیحی بوخاریدا فەرموودەیەکی تر هاتووە کە پیاوێکی خەڵکی یەمەن داوای لە هاوەڵان کردووە وتارێکی پێغەمبەر ﷺ ی بۆ بنووسن دوای فەتحی مەککە، هاوەڵان داوای ڕێگە پێدانیان کردووە لە پێغەمبەر ﷺ ئەویش فەرموێتی "اكتبوا لأبي فلان"[2] واتە: بۆ باوکی فلان کەس بنووسن. فەرموودەیەکی تریش هەر لە صحیحی بوخاریدا هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ لە ئەو نەخۆشیەی تیایدا وەفاتی کرد فەرمویەتی: "آتوني بكتاب اكتب لكم كتابا لا تضلوا بعده"،[3] واتە تێنووسێکم بۆ بهێنن با نووسراوێکتان بۆ بنووسم لە دوای ئەوە هەرگیز گومڕانابن.[4]

بۆ گونجاندنیش لە نێوان فەرموودەکەی ئەبوسەعیدو ئەم فەرمودەیەدا، ڕامهورموزی دەربارەی فەرموودەکەی ئەبو سەعید وتوێتی: "وا ئەزانم ئەمە کارپێدەکرا لەسەرەتای کۆچکردندا، لەو کاتەیش کە دەستەبەری ئەوە نەدەکرا لەگەڵ قورئان تێکەڵ نەبێت"[5]. ئیبنو قوتەیبەی دەینەوەریش لەو زانایانەیە کە بۆ چوونی وابوو ئەم جۆرە فەرمودانە نەسخ کرانەتەوە.[6]

هاوەڵانیش ڕەزای خوایان لێبێت هەڵوێستیان یەك نەبوو سەبارەت بە نووسینەوەی فەرموودە، هەندێکیان پیان باش نەبووە و هەندێکیان ڕێگەیان داوە، هەندێکیان هەردوو هەڵوێستەکەی لێ ڕیوایەت کراوە.

هەڵوێستی گەورەهاوەڵان لە ڕێگە نەدان بە نووسینی فەرموودە:

١- ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێت) پێنج سەد فەرموودەی کۆکردەوە، بەڵام دواتر هەڵسا بە سووتاندنیان.

٢- عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خوای لێبێت) ڕاوێژی کرد بە هاوەڵان کە فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ بنووسرێتەوە، دوای بۆ ماوەی مانگێك هەر ئیستیخارەی دەکرد ئەوجا پاشگەز

---

١) البخاري: الصحيح ١: ٣٨.

٢) هەمان سەرچاوە ١: ٣٨.

٣) هەمان سەرچاوە: ١: ٢٩، ومسلم: الصحيح حديث رقم ١٢٥٧.

٤) الرامهرمزي: المحدث الفاضل ١٧١.

٥) ابن قتيبة: تأويل مختلف الحديث ٣٦٥.

٦) الذهبي: تذكرة الحاض ١: ٥.

بوویەوە و فەرمووی: "من دەمویست سوننەتەکان بنووسمەوە، بەڵام دوایی کەسانێکم یاد کەوتەوە پێش ئێوە، کە هەندێ نووسراویان نووسیەوە و خۆیان پێوە سەرقاڵ کردووە و وازیان لە کیتابی خوا هێناوە، بۆیە من هەرگیز قسەی خوای گەورە لەگەڵ هیچی تر تێکەڵ ناکەم".[١]

٣ـ عەلی کوڕی ئەبو تالیب (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت: "داوا دەکەم لە هەموو کەسێك نووسراوێکی لایە بابیسڕێتەوە، چونکە خەڵکان بەوە تیاچوون دوای قسەی زاناکانیان کەوتوون و قسەی خوایان پشگوێ دەخست".[٢]

٤ـ لاپەڕەیەکیان هێنایە لای عبدوڵڵای کوڕی مەسعودو فەرموودەیەکی تیادا بوو ئەویش داوای هەندێ ئاوی کردو سڕیەوە فەرمووی، "بەم جۆرە شتانە ئەهلی کیتابی پێش ئێوە لە نێوچوون، کاتێك کە کیتابی خوایان خستە پشتیان وەکو ئەوەی کە نەزانن".[٣]

٥ـ ڕیوایەتگەلێکی تر هاتووە لەسەر ڕازینەبوونی هاوەڵان لەسەر نووسینی فەرموودە، لەوانە: زەیدی کوڕی سابیت، ئەبو هورەیرە، عەبدوڵڵای کوڕی عەباس، ئەبو سەعیدی خودری، عەبدوڵڵای کوڕی عومەرو ئەبو موسای ئەشعەری، (ڕەزای خوایان لێبێت).

هەموو کەسێکیش لەم هاوەڵانە هۆکاری نارەزاییبوونی خۆیان ڕوونکردۆتەوە بەوەی کە مەترسیان هەبووە نووسینەوەی فەرموودە خەڵکیی دوور بخاتەوە لە قورئانی پیرۆز.

هەڵوێستی ئەو هاوەڵانەی ڕێگەیان داوە بە نووسینەوەی فەرموودە:

١ـ ئەبوبەکری صددیق (ڕەزای خوای لێبێت) هەندێ زانیاری دەربارەی زەکات نووسیی لە سوننەتەکانی پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەنەسی کوڕی مالیك (ڕەزای خوای لێبێت).[٤]

٢ـ عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خوای لێبێت) هەندێ سوننەتی نووسی بۆ عوتبەی کوڕی فەرقەد،[٥] بە مشتی شمشێرەکەشیەوە لاپەڕەیەك بینرا زەکاتی ئاژەڵی تیادا نووسرابوو.[٦]

١) الخطیب: تقیید العلم ٥٠، وابن عبد البر. جامع العلم و فضله ١: ٦٤.

٢) ابن عبد البر: جامع بیان العلم وفضله ١: ٦٣.

٣) هەمان سەرچاوە ١: ٦٥.

٤) احمد: المسند ١: ١١.

٥) احمد: المسند ١. ١٦.

٦) لخطیب: الکفایة ١: ٣٥٣

٣- لاپەڕەیەك لای عەلی بوو (ڕەزای خوای لێبێت) باسی خوێنبایی کوژراو و ڕزگار کردنی دیل‌و ئەوەشی تیابوو کە موسڵمان بە کوشتنی کافر ناکوژرێتەوە.[١]

٤- کاتێك عەبدوڵڵای کوڕی عومەر دەیویست بچێتە بازار، سەیری نووسراوەکانی خۆی دەکرد لە فەرموودەدا.[٢]

٥- لە هەندێ هاوەڵانی تریشەوە ڕێگە پێدان هاتووە بۆ نووسینی فەرموودە وەکو: عائیشە، ئەبو هورەیرە، موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان، عەبدوڵڵای کوڕی عەباس، عەبدوڵڵای کوڕی عومەر، عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص، بەرائی کوڕی عازیب، ئەنەسی کوڕی مالیك، حەسەنی کوڕی عەلی و عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی ئەوفا، (ڕەزای خوایان لێبێت).

هەندێکیشیان لەسەرەتاوە نووسینی فەرمودەیان لاباش نەبووە، بەڵام دواتر ڕێگەیان دا، دژایەتیش نی یە لە بۆچوونەکاندا، چونکە هۆی ڕازی نەبوونیان ترسی تێکەڵ بوونی فەرمووودەو قورئان بوو، یان ئەوەی فەرموودە گرنگیدان بە قورئان کەمکاتەوە، بەڵام کە ئەو مەترسیانە نەما ڕێگە درا بە نووسینەوەی فەرموودە، هەر بۆیە لەسەردەمی پەیام و ڕاشیدەکاندا هەندێکیان فەرموودەیان لە لاپەڕەدا دەنووسیەوە... لەوانە:

١- لاپەڕەی سەعدی کوڕی عوبادەی ئەنصاری.

٢- لاپەڕەی عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی ئەوفا.

٣- نوسخەی سەمورەی کوڕی جوندوب (٦٠ ك) فەرمووودەیەکی زۆری تیا کۆکردبوویەوە.

٤- نووسینەکانی ئەبو هورەیرە.

٥- لاپەڕەی ئەبو موسای ئەشعەری (٥٠ ك)

٦- لاپەڕەی جابری کوڕی عەبدوڵڵای ئەنصاری (٧٨ ك)

٧- لاپەڕەی (الصادقة)ی عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص (٦٥ ك) پێشەوا ئەحمەد لە مەسنەدەکەیدا هێناویەتیەوە.[٣]

١) البخاري : الصحيح ١: ٣٨، وابن سعد: الطبقات- ١. ٤٨٦.

٢) الخطيب: الجامع ٢: ١٤.

٣) اكرم العمري: بحوث فى تاريخ السنة المشرفة ٢٢٣.

ئەمانەو چەندین لاپەڕە و نەسخەی تر لەو سەردەمە زووەدا تۆمار کرابوون، یەکێ لە توێژەرەکان ناوی پەنجاو دوو هاوەڵی کۆکردووەتەوە لەوانەی کە فەرمودەیان دەنووسیی لەو سەردەمەدا،[1] ئەمەش وای کرد نەوەکانی دوای ئەوان نووسینەوەی فەرموودەیان فراوان کردووە تاکو شەش کتێبەکەی فەرموودەو کتێبە گەورەکانی تری فەرموودە کۆکرانەوە.

ج ـ فیقه:

فیقه بریتیە لە حوکمەکانی خواپەرستنو مامەڵەکردن پێکەوە، بەوشێوەش هەموو چالاکیەکانی تاکو کۆمەڵی لەو سەردەمەدا ڕێك دەخست، سەرچاوەکانیشی بریتین لە: قورئانو سونەت و ئیجماعو قیاس، هەندێ زاناش هەڵکەوتن کە سامانێکی فیقهی زۆریان بەجێهێشت، زانا هاوچەرخەکان سوودیان لێوەر گرت.

ئیبنولقەیم دەگێڕێتەوە کە زیاتر لە سەدو سی لە هاوەڵان فەتواکانیان گەیشتووە پێمان، لە نێوان ئافرەتانو پیاواندا، زۆربەشی لەم حەوت هاوەڵەوە هاتوون: عومەری کوڕی خەتتاب، عەلی کوڕی ئەبوتالیب، عەبدوڵلای کوڕی مەسعود، عائیشەی دایکی ئیمان داران، زەیدی کوڕی سابیت، عەبدوڵلای کوڕی عەباس و عەبدوڵلای کوڕی عومەر ڕەزای خوایان لێبێت.

هەروەها ئیبنولقەیم لە ئیبنوحەزم دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی: "دەکرێت لە فتوای هەریەکە لەوانە کتێبێکی گەورە کۆبکرێتەوە"، دەشگێڕێتەوە کە موحەمەدی کوڕی موسای کوڕی یەعقوب (حافظ) فتواکانی عەبدوڵلای کوڕی عەباسی لە بیست کتێبدا کۆ کردۆتەوە.[2]

ئینجا هەندێ لە توێژەرەوە هاوچەرخەکانیش هەڵساون بە کۆکردنەوەی فیقهی عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خوای لێبێت)و لە چوار بەرگدا دەریانهێناوە.[3] هەروەها یەکێکی تر هەڵساوە بە کۆکردنەوەی فیقهی عەبدوڵلای کوڕی مەسعود لە کتێبێکی گەورەدا لە (٥٦٠) لاپەڕەدا.[4]

ئیبنو حەزم ناوی سیانزە کەسی لە هاوەڵان بردووە کە مام ناوەند بوون لە فەتوادانداو، وتویشێتی: دەکرێت لە فەتوای ئەوانە کتێبێکی بچووك کۆبکرێتەوە، ناوی عوسمانی کوڕی عەفانی لە ناو

---

١) محمد مصطفى الاعظمي: دراسات في الحديث النبوي ٩٢ـ ١٤٢.

٢) ابن القيم: أعلام الموقعين ١: ١٢.

٣) دكتور رويعى بن راجح الرحيلي.

٤) دكتور محمد رواس قلعة جي.

ئەوانەدا بردووە، یەکێ لە توێژەرە هاوچەرخەکان فیقهی عوسمانی کۆکردووەتەوە لە کتێبێکی مام ناوەندا، لە (٣٤٠ لاپەڕەدا).[١]

سەبارەت بەوانەش کە فەتوای کەمیان لێگێڕاوەتەوە، زیاتر لە سەدو بیست هاوەڵن، ئیبنو حەزم دەڵێت: لە پاش بە دواداچوونو گەڕان دەکرێت فەتوای ئەو کەسانە لە کتێبێکی بچوکدا کۆبکرێتەوە.[٢]

شایەنی باسە هەندێ لە زانیاریە فیقهیەکان نووسرابوون لە سەردەمی خودی پێغەمبەردا ﷺ، بۆ نموونە نووسراوی خودی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ عەمری کوڕی حەزمی ئەنصاری (ڕەزای خوای لێبێت) دەربارەی میراتو زەکاتو خوێنبایی.

عومەریش (ڕەزای خوای لێبێت) لەگەڵ کەسانی تردا یاداشتی فیقهیان دەکرد، فەرمانیشی دەکرد بە فێربوونی دابەشکرنەکانی میراتو تێگەیشتن لە سوننەت.[٣]

عەلیش (ڕەزای خوای لێبێت) لاپەڕەیەکی هەبوو باسی زەکاتو خوێنبایو حەرەمی مەدینەی تیادا بوو، ئەمەش بە میراتی وەرگرتبوو لە پێغەمبەردا ﷺ لەگەڵ شمشێرەکەی (ذوالفقار) کە بە کێلانەکەیەوە هەڵواسرابوو.

هەروەها لەو سەردەمەدا هەندێك لە داوەریەکانی عەلی تۆمارکرابوو.[٤]

د- زمانی عەرەبی:

گرنگی بایەخدان بە زمانی عەرەبی سەریهەڵدا لەبەر پێویستیان بۆ تێگەیشتنی دەقەکانی قورئانو سوننەت، هەروەها لەبەر گرنگی خۆی لە خۆیدا، سەرچاوەکان کۆمەڵێك ڕاسپاردەیان لە عومەر گێڕاوەتەوە (ڕەزای خوای لێبێت)، جەخت لەسەر فێر بوونی زمانی عەرەبیو گێڕانەوەی هۆنراوەکان دەکات، لە نووسراوێکدا بۆ ئەبو موسای ئەشعەری ڕەزای خوی لێبێت هاتووە "فەرمان بکە بەو کەسانەی کە لە لاتن با فێری زمانی عەرەبی بن، چونکە ئەوە ئاماژە بە پاراوی قسان دەکات، هەروەها فەرمانی پێبکە ڕیوایەتی هۆنراوەکان بکەن چونکە ئاماژە دەکات بۆ ڕەوشتە بەرزەکان".[٥]

١) دکتور محمد رواس قلعة جي.

٢) ابن القيم: اعلام الموقعنين ١: ١٢.

٣) المتقي الهندي: كنز العمال ١٠: ٢٥٢.

٤) مسلم: الصحيح، المقدمة ١٣.

٥) المتقي الهندي: كنز العمال١٠: ٣٠٠.

هەروەها فەرمووبەتی "زمانی عەرەبی فێربن، چونکە پیاوەتی زیاد دەکات".[١] لە جێگایەکی تردا دەفەرمووێت: "لە سەرتانە شارەزابن لە ئایندا، هەروەها لە عەرەبیداو عەرەبیناسبن"،[٢] هەروەها فەرمووبەتی: قورئان عەرەبییەو بە عەرەبی بزانن".[٣]

ئینجا عەبدوڵلای کوڕی عومەر لە منالەکانی دەدا ئەگەر لە قسە کردندا هەلەیان بکردایە.[٤]

بێگومان سەردەمی پێغەمبەر ﷺ و ڕاشیدەکان سەرەتایەکی نوێ پێکدەهێنی بۆ گەشە کردنی زمانی عەرەبی، کە هاوولاتیەکانی شانازیان پێوە دەکردو موسڵمانە تازەکان لە ناوچە فەتحکراوەکاندا فێری دەبوون.

ئەمەش شتێکی نامۆ نی یە، چونکە عەرەبی زمانی ئاینو دەوڵەتی تازەبوو.

هـ - مێژوو:

سەبارەت بە زانستی مێژوو بایەخدانی زیاتر ڕوویکردە ژیانی پێغەمبەر ﷺ و هەواڵی پێغەمبەرە پێشووەکان، سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص دەفەرموێت: "ئێمە منالەکانمان فێری بەسەر هاتی پێغەمبەر ﷺ دەکرد وەکو چۆن سورەتی قورئانمان فێردەکردن".[٥] بێگومان قورئانی پیرۆزیش پەیڕەوانی ئاڕاستەی ئەوەی کردووە کە گرنگی بە مێژوو بدەن لە ڕووی هێما جۆراو جۆرەکانیو ئەو سودە زۆرانەی لێوەر دەگرین لە بواری ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکانو چەسپاندنی یاسای هۆکارەکە بە تایبەت لە بابەتی دامەزراندنی دەوڵەتەکانو داڕوخانی شارستانیەکاندا.

بەڵام زانیاریە مێژوویەکان زیاتر بەشێوەی زارەکی دەگوێزرانەوە، چونکە نووسینی مێژوو لەم سەردەمەدا هێشتا دەستی پێنەکردبوو، تەنها چەند دیمەنێك نەبێت لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ کە هاوەڵان لە نێو فەرموودەکاندا تۆماریان دەکرد.

ریوایەتێکی کۆنیش هەیە ئاماژەی تیادایە کە عەلی کوڕی ئەبوتالیب هانی وەهبی کوڕی مونەببیهی داوە کە شارەزایی مێژووی حیمیەریەکان ببێت.[٦]

---

١) الخطيب: الجامع ٢: ٢٥.

٢)المتقي الهيندي: كنز العمال١٠: ٢٥٤.

٣)هەمان سەرچاوە ١٠: ٢٥٢.

٤) الخطيب: الجامع ٢: ٢٩.

٥) ئەم سەرچاوەم لێ ونبووە و نەمتوانی پەیدای بکەم.

٦) ابن هشام: كتاب التيجان ٨٢، وفؤاد سزكين: تاريخ التراث العربي ١: ٤٠٢.

لە ڕاستیدا برێك زانیاریی مێژوویی و بەڵگەنامە نووسرابوون لەو سەردەمە وەکو نامەکانی پێغەمبەر ﷺ بۆ پادشاو سەرۆکی دەوڵەتەکان، هەروەها نامەی خەلیفە ڕاشیدەکان بۆ سەرکردەکان لە گۆرەپانی جەنگ و بۆ فەرمانڕەوای شارەکانیش، بەڵام ئەم بەڵگەنامە میریانە بێگومان لەناو بابەتەکانی فێرکردندا نەبوون، لەوانەش کەسانێکی دیاریکراو چاویان پیان کەوتبێت.

و - ڕەچەڵەکناسی:

ئەم زانستانە موسڵمانان لەسەردەمی جاهیلیەوە وەریانگرتبوو، بەڵام کۆیان کردەوەو نووسیانەوە، جگە لەوەش زانستێکی بڵاویشبوو لە نێوانیاندا. گرنگی و بایەخدان بەئەم زانستە هەر بەردەوام بوو لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ و خەلیفە ڕاشیدەکان لەبەر هەندێ پێویستی ئاینی و کۆمەڵایەتی و سەربازیو ئیداری، هاوکات لەگەڵ ئەوەی ئیسلام ڕەگەزپەرستی هۆزایەتیو شانازیی کردن بە ڕەچەڵەکەوە قەدەغە کرد، بەڵام ئەم زانستە هەر گرنگی خۆی لە دەستنەدا، لەبەر ئەو بایەخەی کە هەیەتی لە جێبەجێکردنی حوکمەکانی باری کەسایەتی وەکو ژنهێنانو شوکردنو میراتی، هەروەها بۆ ناسینی ڕەچەڵەکی فەرموودەناسەکان بۆ جیاکردنەوەی گێڕەرەوانی، بۆ دابەشکردنی موچە، ڕێکخستنی سەربازیی، چونکە هۆز یەکەیەکی جەنگاوەر بوون، جگە لەوەی کە بنچینەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییو کارگێڕی بوو لە شارەکاندا، دەشکرێت دیوانە سەربازیەکان لە خیلافەتی عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) بە یەکەم نووسینەوەی گشتگیریی دابنێین بۆ نەژادو ڕەچەڵەکەکان.

لە فەرموودەی ڕاستیشەوە پێمان گەیشتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: "تعلموا من انسابكم ماتصلون به ارحامكم"،[1] واتە: ئەوەندە لە ڕەچەڵکەکانتان فێربن کە پەیوەندی خزمایەتی لە نێوان خۆتاندا بەجێ بهێنن".

(الجاحظ)یش دەگێڕێتەوە کە چواردە نووسەر کتێبیان دەربارەی ڕەچەڵەکناسی داناوە زۆربەیان پێش ئیسلام ژیاون، یان لە سەرەتای ژیانیدا.[2]

ژمارەیەك لە هاوەڵانیش بە شارەزایی لەم بوارەدا ناسرابوون، لەوانە ئەبوبەکری صدیق (ڕەزای خوای لێبێت).[3] عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خوای لێبێت)، داوای کردبوو لە سێ کەس لە

١) الترمذي: السنن، كتاب البر ٤٩، واحمد: المسند ٢: ٣٧٤، الالباني: سلسلة الاحاديث الصحيحة، رقم الحديث ٢٧٦.

٢) الجاحظ: كتاب الحيوان ٣: ٢٠٩ـ ٢٠٠، وفواد سزكين: تاريخ التراث العربى ١: ٤٠٣.

٣) فؤاد سزكين: تاريخ التراث العربي ١: ٤٠٥.

ڕەچەڵکناسانی قوڕەیش کە بریتیبوون لە جوبەیری کوڕی موتعیمو عەقیلی کوڕی ئەبوتالیبو مەخرەمەی کوڕی نەوفل (ڕەزای خوایان لێبێت) کە هەڵسن بە دروستکردنی خشتەیەك بۆ نەژادەکان.[1]

ئینجا عەقیلی کوڕی ئەبو تالیب (ڕەزای خوای لێبێت): "زانابوو بە ڕەچەڵەکی قوڕەیش و هەڵوێستە جوانو ناشرینەکانیان، خەڵکیش ئەو زانیاریانەی لە مزگەوتی مەدینە لێ وەردەگرت"،[2] بە هەمان شێوە حەکەمی کوڕی حیزامیش ڕەزای خوای لێبێت لە هەمان بواردا بە کەسێکی شارەزا ناسرابوو.[3]

ز ـ هۆنراوە:

زۆرێك لە بەڵگە هۆنراوەیەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هۆزەکان گرنگیان داوە بە نووسینی هۆنراوەی شاعیرەکانیان، هەندێ لەو هۆزانەش هەڵدەستان بە نووسینەوەی هەواڵی جەنگەکانیان و ڕۆژە بەناوبانگەکانیانو ئەو شتانەی کە شانازیان پێوە دەکردو پەندو قسە نەستەقەکانیان[4].

ئەوەی سەردەمی پێغەمبەرایەتیو ڕاشیدەکان سوودیان لە هۆنراوەرگرت بۆ تێگە یشتنی قورئان پیرۆزو لێکدانەوەی ماناکانی، ئیبنو عەباس دەفەرمووێت: "ئەگەر پرسیارم لێدەکەن دەربارەی عەرەبی بوونی قورئان، ئەوا لە هۆنراوە بۆی بگەڕێن، چونکە هۆنراوە تۆمارگەی عەرەبە".[5]

پێغەمبەری خوایش ﷺ بە خۆی گوێی لە هۆنراوە بووە، ستایشی هەندێکیشیانی کردووە، فەرموویەتی: "ان من الشعر حكمه"[6] واتە: هەندێ لەو هۆنراوانە دانایە هەر لە سەردەمی خۆیشیدا هەندێك لە شاعیرانی ئیسلام هەڵکەوتن، وەکو: حەسسانی کوڕی سابیتو کەعبی کوڕی مالیك و عەبدوڵلای کوڕی ڕەواحە، (ڕەزای خوایان لێبێت).

---

١) ابن سعد: الطبقات ٣: ٢٩٥ـ ٢٩٩، والبلاذري: انساب الاشراف ٤٣٦ـ ٤٣٧، والطبري: تاريخ الرسل والملوك ١: ٢٧٥٠ـ ٢٧٥٢، وفؤاد سزكين: تاريخ التراث العربي ١: ٤٠٤.

٢) ابن حجر: الاصابة: ٥٣٢.

٣) هەمان سەرچاوە ٢: ١١٣.

٤) دكتور نصرالدين الاسد: مصادر الشعر الجاهل ١٠٧ـ ١٢٣، ١٦٥.

٥)الخطيب: الجامع ٢: ١٩٨

٦)البخاري : الصحيح: جديث رقم ٦١٤٥.

ئینجا عومەر ڕەزای خوا لێبێت، جێگایەکی دروست کردبوو لە مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ بە بوتەیحا دەناسرا، ئەیفەرمووو، هەرکەسێ دەیەوێ هۆنراوە بڵێت، یان دەنگی بەرز کاتەوە بابچێت بۆ ئەو جێگایە[1] چونکە پێغەمبەرﷺ نەهی کردووە لە وتنەوەی هۆنراوە لەناو مزگەوتدا.[2] ئیبنو ئەفلەحیش دەڵێت: "کۆتا کۆڕەکانمان لەگەڵ زەیدی کوڕی سابیت هۆنراوەمان تیادا گێڕایەوە"[3].

س ـ چیرۆکو سەرگوزەشتە:

دەسپێکردنی لە کاتێکی زووەوە بووە، چیرۆکخوانەکان ڕۆڵێکی ئامۆژگاریکردنیان دەگێڕا، ئەسوەدی کوڕی سەریعی سەعدی شاعیر بوو، لە سەرەتای ئیسلامیشەوە چیرۆکخوان بووە، ئەو یەکەم کەسبوو چیرۆك بگێڕێتەوە لە مزگەوتی بەصرە[4]، تەمیمی داریی داوای کرد لە عومەری کوڕی خەتتاب چیرۆك بگێڕێتەوە بەڵام ڕێگەی پێنەدا، عومەری کوڕی زورارەش چیرۆکی بۆ خەڵکی دەخوێندەوە لە مزگەوتی کوفە، لە ژیانی عەبدوڵلای کوڕی مەسعود کە ناڕەزایی خۆی بەرانبەر گێڕانەوەی چیرۆك دەربڕی.[5]

عەلی کوڕی ئەبوتالیبیش بە هەمان شێوە نارازی بوو لە گێڕانەوەی چیرۆك.[6] لەلایەن ئەبویەحیاوە لە مزگەوتی کوفە، چونکە شارەزایی نەبوو لە ناسیخو مەنسوخدا، عەبدوڵلای کوڕی عومەریش ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە چیرۆك گێڕانەوە هەبوویێت لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ و ئەبوبەکرو عەمەرو عوسمان، دەیفەرموو: ئەمە شتێکی داهێنراوە لە پاش کوژرانی عوسمان (ڕەزای خوای لێبێت).

ط ـ پەندو دانایی:

لە ئیسلامدا بڕێکی زۆر خرایە سەر قسەی نەستەقو پەندی پێشینانی عەرەبی سەردەمی جاهیلی، چونکە قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ چەند پەندو داستانێکی لە خۆگرتووە کە دواتر چەندین دانراوی سەربەخۆی لەسەر نووسراوە، بێگومان ئێمە ناتوانین لێکدانەوەی

---

١) الخزاعی. تخريج الدلالات السمعية ١٣٠.

٢) هەمان سەرچاوە ١٢٩ ئەویش لە تیرمیزیەوە وەریگرتووە.

٣) الخطيب: الجامع ٢: ١٣١.

٤) ابن حجر: الاصابة ١: ٧٤

٥) السيوطي: تحذير الخواص ٥٩، ٦٠ـ ٦١.

٦) ابن الجوزی: نواسخ القران ١٠٥ـ ١٠٩

ئیبنوخەلدوون بۆ واتای (الحكمة) وەربگرین لە قورئاندا: (يؤتى الحكمة من يشاء)[1] گوایە مەبەست لەو وشەیە فەلسەفە بێت، بەڵکو ئەو وشەیە ئەوە دەگەیێنێت کە عەرەب لیحاڵی بوون، چونکە قورئان بەزمانی ئەوان دابەزیوە، ئەوانیش بەوە لە (الحكمة) تێگەیشتوون، کە بریتیە لە تێگەیەشتنی قورئان و سوننەت پێکانە لە کردارو گفتاردا.[2]

لە ڕاستیدا پەندو دانایی گرنگیەکی زۆری هەیە لە پەروەردا، دەگێڕینەوە عەلی کوڕی ئەبو تالیب فەرموویەتی: (دڵەکانتان بحەسێننەوە بە دانایی‌و قسەی نەستەق، چونکە دڵەکانیش وەکو لاشە بێزار دەبن).[3]

ی - پزیشکی:

پزشکیی گرنگیەکی بەرچاوی پێدرا، ڕووداوەکانی جیهادو زۆری برینداربوون هاندەرێکی بەهێز بوو بۆ ئەو مەسەلەیە، موسڵمانان شارەزایی پزیشکی سەردەمی جاهیلیان وەرگرتبوو، بەناوبانگترین پزیشکەکانی عەرەب کە ژیان تاکو سەرهەڵدانی ئیسلام، حاریسی کوڕی کیلدەی سەقەفی بوو،[4] هەروەها شەمەردەلی کوڕی قوباسی کەعبی نەجرانی،[5] زەمادی کوڕی سەعلەبەی ئەزدیش هەر خەریکی پزیشکی بوو، سەفەری کردووە لەو پێناوەنادا.[6] پێغەمبەری خوایش ﷺ پشتیوانیەکی گەورەی کرد بۆ کەلەپووری پزیشکی جاهیلی وەکو دەردەکەوێت لە کتێبەکانی پزشکی، بێگومان ئەو زانستە گرنگی زیاد کرد لە سەردەمی خەلیفە ڕاشیدەکاندا بەوەی کە زانیاریەکانی فارسی و ڕۆمانیەکان لە بواری پزیشکیدا خزایە سەری.

ک - ئەستێرەناسیی:

هەر لەو سەردەمەوە بۆچوونێکی گوماناوی هەبوو بەرانبەر ئەم زانستە، چونکە خوای گەورە نەبێت کەس غەیب نازانێت، ئینجا جادوو و قەشەیەتی و سەیرکردنی ئەستێرە بە هەندێ مەبەستەوە، کە ئەم شتانە باوبوون لەسەردەمی جاهیلیدا، هەمووی بە کاریگەریی بیروباوەڕی ئیسلام پووچەڵ

١) البقرة ٢٦٩.

٢)الطبري: تفسير ٣: ٨٩ـ ٩٠، وابن عبد البر: جامع بيان العلم وفضله ١.

٣)الخطيب: الجامع ٢: ١٢٩ ، وابن عبد البر: جامع بيان العلم وفضله ١٠.

٤)ابن حجر: الاصابة ١: ٥٩٥.

٥) هەمان سەرچاوە ٣: ٣٥٨.

٦) هەمان سەرچاوە ٣: ٤٨٦.

بوویەوە، لە فەرموودەیەکی پێغەمبەر ﷺ دا هاتووە "من اقتبس علماً من النجوم اقتبس شعبة من السحر زاد مازاد".[1] واتە: هەر کەسێك زانستێك لە ڕێگەی ئەستێرەوە وەربگرێت، بەشێکی لە جادوو وەرگرتووە چەند زیاتر بکات زیاتر دەبێت. عەبدوڵڵای کوڕی عەباس (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت" ئەی ئەبو جاد، کەسانێك هەن سەیری ئەستێرە دەکەنو دەنووسن، ئەبو جاد: ئەوانە بێبەشو هەناسە ساردن".[2] بێگومان ئەستێرەناسیی جۆرێکە لە بانگەشەکردنی غەیبناسی، ئەوەی کە گوایە گەردوونو خولانەوەی کاریگەریان هەیە لەسەر چارەنووسی خەڵكو پاشەڕۆژیان، هیچ پەیوەندیەکیشی نی یە بە گەردوونناسیەوە، کە موسڵمانان بایەخیان پێدا لە و بوارەدا زۆریان خستە سەر کەلەپووری مرۆڤایەتی.

جیاوازی لە نێوان ئەم دوو زانستە ئاشکرا بوو لە سەردەمی پێغەمبەرایەتی و ڕاشیدەکانیش، عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت" لە ئەستێرەکانەوە فێربن چۆن ڕێگای خۆتان دەدۆزنەوە لە تاریکی زەمینو دەریادا و زیاتر مەڕۆن".[3]

ل ـ ڕۆشنبیریو زمانە بیانیەکان:

حیجاز گۆشەگیر نەبوو لە جیهانی دەورو بەر لە باکوورو باشووردا، چونکە کۆمەڵگای مەککەی بازرگانی گەشتی هەمیشەیی هەبوو لە زستانو هاویندا بۆ شامو یەمەن، ئەم گەشتانەش شارەزایی پێبەخشین، نەك هەر لە لایەنە ئابووریەکانەوە، بەڵکو لە ڕووی ڕۆشنبیریشەوە، ئینجا کۆمەڵگای مەدینە ئاوارەیەکی زۆری تیادا دەژیا لە هۆزە جوولەکەکان، کە زمانی عیبریان تیادا بڵاوبوو، هەروەها تەوراتو سەرگوزەشتەی ئاینیو مێژوویی. هەندێ ئاماژەی لێرەو لەوێش هاتووە کە عەرەبەکان هەندێکیان زمانی عیبریان زانیوە، لە ڕێگەی زاستیشەوە پێمان گەیشتووە کە وەرەقەی کوڕی نەوفەل ئینجیلی بە هەردوو زمانی عەرەبیو عیبری دەنووسیی.[4]

بەو گوێرەش هیچ ئاماژەیەك لە سەرچاوەکاندا نەهاتووە دەربارەی شارەزایی ئەنصارەکان بە زمانی عیبری، وا دەر دەکەوێت جوولەکەکان بەو زمانە قسەیان نەکردبێت لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، لەوانەشە تەنها زاناکانیان

1) ابن ماجة: السنن ١: ١٢٢٨ حديث رقم ٣٧٢٦ و اسناده يرقى الى الحسن فضيف عبيد الا خنس صدوق يخطيء.
2) ابن سحنون: كتاب آداب المعلمين ٦٢.
3) ابن عبد البر: جامع بيان العلم وفضله ٣٨ـ ٣٩.
4) البخاري: الصحيح: كتاب بد الوحي ٢: ٢١٤، و مسلم: الصحيح، كتاب الايمان ٢٥٢، و الترمذي: الجامع، كتاب الاستئذان و الادب عن رسول الله ﷺ، باب في تعليم السريانية.

عیبریان زانیبێت، بۆیە پێویستیی ئەوە پەیدا بوو کە هەندێك لە موسڵمانان لە شاری مەدینە فێری ئەو زمانە بن، زەیدی کوڕی سابیت (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت "کە پێغەمبەری خوا ﷺ هاتە مەدینە پێی وتم: خۆت فێری تەورات بکە، سوێند بە خوا دڵنیایم نی یە لە جوولەکەکان بەرانبەر قورئان، دەڵێت: ئیتر منیش لە کەمتر لە مانگێکدا فێری بووم". [1]

بە هەمان شێوە زەید خۆی فێری سریانی کرد، ئیتر وەڵامی ئەو نوسراوانەی دەدایەوە کە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) دەهات و وەڵامەکەشی دەناردەوە [2] بەو زمانە، جگە لە زەیدیش عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص (ڕەزای خوای لێبێت) فێری سریانی بوو [3] لە ڕاستیدا تەنها زەید لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ چەند زمانێکی دەزانی، خوزاعی دەگێڕێتەوە کە زەید: "نووسراوەکانی بۆ پاشاکان دەنووسی و وەڵامیشی دەنووسیەوە لە خزمەتی پێغەمبەردا ﷺ، وەرگێڕی پێغەمبەریش بوو بە فارسیو قیبتیو حەبەشی، ئەم زمانانە لە مەدینە فێریان بوو لەو خەڵکانەوە کە قسە یان پێدەکرد". [4]

سەبارەت بە کەلەپووری نووسراو بەو زمانە، هەندێ نوسخەی تەورات دەستدەکەوێت لە ناوچە فەتحکراوەکاندا. [5]

عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاصیش هەندێ نووسراوی ئەهلی کیتابی لە لابوو، لیشیخوێندەوە. [6] زۆربەشیانی لە جەنگی یەرموکدا بە دەستهێنابوو ئەویش باسی ئەو شتە شاراوانەی دەکرد کە تیایدا دەیخوێندەوە، تەنانەت هەندێك لە هاوڕێکانی پیان دەوت قسەمان بۆ بکە لە زاری پێغەمبەر ﷺ نەك لەو لاپەڕانەوە. [7] ئەبوهورەیرەیش ناوەڕۆکی تەوراتی دەزانی

١) احمد: المسند: ٥: ١٨٦، و ابو داود: السنن ٤ :٦٠ حديث رقم ٣٦٤٥ و الترمذي السنن ١: ٦٧ حديث رقم ٢٧١، وابن سعد: الطبقات ٢: ٣٥٨ والحاكم: المستدرك ١: ٧٥، الالباني: سلسلة الاحاديث الصحيحة ٢: ١٥٦ حديث رقم ١٨٧، وابن حجر: فتح الباري ١٣: ١٨٥ حديث رقم ٧١٩٥ معلقا.

٢) الترمذي: الجامع كتاب الا ستئذان ٢٢، وابن سعد: الطبقات ٢: ٣٥٨، و الحاكم: المستدرك ٣: ٤٢٢، و ابن حجر: الإصابة ٢: ٥٩٤، وابن عبد البر: الاستيعاب ١: ١٩٤، و الالباني: سلسلة الاحاديث الصحيحة ٢: ١٥٥.

٣) ابن سعد: الطبقات ٧: ٤٩٥.

٤) الخزاعي تخريج الدلالات السمعية: ٢٠٨

٥) ابن حجر: الاصابة ٣: ٤٩٦.

٦) الذهبي: تذكرة الحفاظ ٤٢، والذهبي: سير أعلام النبلاء ٣: ٥٤، وأحمد بن حنبل: المسند ٢: ١٩٥.

٧) ابن حجر: المسند ٢: ١٩٥.

ئەگەرچی نەیشیخوێندبوویەوە، ئەو لە ڕێگای ئەو کەسانەوە کە خوێندبوویانەوە زانیاریەکانی وەرگرتبوو.[1]

پیاوێکیش لە کووفە کتێبی دانیالی دەرکرد، ئیتر خەلکی نارەزایان دەربری کتێبێکی تر لەگەل قورئاندا هەبێت.[2]

پێغەمبەری خوا ﷺ و خەلیفە ڕاشیدەکان (رەزای خوایان لێبێت) قەلس دەبوون بەوەی کە قورئانو سوننەت بەربەرەکانی بکرێت بە کەلەپووری ئاینی کۆن، چونکە گرنگیدان ڕووەو ئەوە دەچوو کە بایەخ بە تێگەیەشتنی ئیسلام بدرێت پێش ڕۆشنبیریەکانی تر.

جارێکیان نوسخەیەکی تەوراتیان بۆ عومەری کوری خەتتاب هێنا (رەزای خوای لێبێت)، ئەویش وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوە نوسخەیەکی تەوراتە، ئیتر ئەو بێدەنگ بوو، عومەر بینی ڕوومەتی پێغەمبەر ﷺ دەگۆڕێت، ئەبوبەکر فەرمووی: ئەی لە باری دایکت بچویای عومەر، نابینی ڕوومەتی پێغەمبەری خوا ﷺ چۆن گۆڕا؟ عومەر وتی: پەنا ئەگرم بە خوا لە تووڕەیی خوا و پێغەمبەرەکەی، ئەی پەروەردگار تۆ خوامانی، ئیسلام ئاینمانە موحەممەد پێغەمبەرمانە. ئەوجا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی سوێند بەو کەسەی گیانی موحەممەدی بە دەستە، ئەگەر موسا دەرکەوێت، شوێنی بکەونو من بەجێبهێلن ڕێگای ڕاست ون دەکەن، ئەگەریش موسا لە ژیاندا بوایە و فریای پێغەمبەرایەتیم بکەوتبا شوێنم دەکەوت".[3]

هەروەها جابری کوری عەبدوللا دەفەرموویت، کاتێك عومەر تەوراتەکەی هێنایە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: "امتهوكون انتم كما تهوكت اليهود و النصارى؟" يعني: أمتحيرون أنتم في الإسلام فتلجأون الى الاخذ من سواه؟ ثم قالَ: لقد جئتكم بيها بيضاء نقية، ولو كان موسى حيا ما وسعه الا اتباعي".[4] واتە: ئایا ئێوە سەر لێشێواون وەکو جوولەکەو گاورەکان تاکو پەنا بەرنە بەرشتی تر، ئەمجا فەرمووی: " ئاینێکی سپیو پاکم بۆتان هێناوە، ئەگەر موسایش لە ژیاندا بوایە هیچ ڕێگەچارەیەکی نەبوو ئەوەنەبێت شوێنم بکەوێت.

١) المصدر نفسه ٧: ٤٤٠.

٢) الخطيب: تقييد العلم ٥٦ـ ٥٧.

٣) رواه الدارمي: السنن ١ : ١١٥ـ ١١٦، و اخرجه ابن حبان: الصحيح.

٤) رواه احمد: المسند، والبيهقي: شعب الايمان، من طرق يؤيد بعضها بعضًا.

پەیوەندی موسڵمانان زیادی کرد بە سەرچاوەی ڕۆشنبیریە بیانیەکانەوە لە سەردەمی ڕاشیدیەکاندا، چونکە شارە تازەکان لاپەڕە و لەبەر گیراوی زۆری تیادا بوو لە کەلەپووری ئاینی کۆن، بەڵام هەمیشە زۆر وریا بووە، بۆیە بڵاوبوونەوەی ئەو جۆرە لاپەڕەو بیرو باوەڕانە قەدەغە کردبوو، ئامانجی دەوڵەتیش ئەوەبوو کۆمەڵگا فەتحکراوەکان ڕەنگ بکات بە ڕۆشنبیری ئیسلامی و بیروباوەڕیی ئیسلامیی نوێ بێئەوەی چەمکەکانی تێکەڵ یەکتری بن.

خالیدی کوڕی عەرفەتە دەڵێت: لە لای عومەر دانیشتبووم (ڕەزای خوای لێبێت) کاتێك پیاوێکیان لە عەبدولقەیس هێنایە خزمەتی، عومەر پێی فەرموو: تۆ فلانی کوڕی فلانی عەبدی نیت؟ وتی: بەڵێ. ئەوجا بە دارێك لە پیاوەکەی دا، وتی: من چیم کردووە ئەی ئەمیری بڕواداران؟ عومەر پێی فەرموو دانیشە و ئەم ئایەتانەی بەسەردا خوێندەوە (بسم الله الرحمن الرحيم. الر تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ الْمُبِينِ* إِنَّا أَنزَلْنَاهُ قُرْآناً عَرَبِيّاً لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ * نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ أَحْسَنَ الْقَصَصِ بِمَا أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ هَـذَا الْقُرْآنَ وَإِن كُنتَ مِن قَبْلِهِ لَمِنَ الْغَافِلِينَ)[1] تا ئایەتی (لمن الغافلين) سێ جار بۆی خوێندەوە سێ جاریش لیدا، پیاوەکە وتی: چیم کردووە ئەی ئەمیری بڕواداران؟ عومەر فەرمووی تۆ لەبەر کتێبی دانیالت گرتووەتەوە؟ وتی: هەر فرمانێکم پێدەکەی ملکەچم. فەرمووی بیانسڕەوە بە ئاوی گەرم و خوری سپی، دوایی نە خۆت بیخوێنەوە نە فێری کەسیشی بکە، ئەگەر پێم بگات جارێکی دی خوێندوەتەوە یان بە کەسی ترت وتووە ئەوە بە سزا بە هیلاکت دەبەم. دوای ئەوە عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) بەسەر هاتەکەی خۆی لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ بۆ گێرایەوە کاتێك تەوراتەکەی بردە خزمەتی[2]. پێغەمبەری خوا ﷺ، لە پاش ئەویش خلیفە ڕاشیدەکان (ڕەزای خوای لێبێت) لە سەرەتای ئیسلامدا ڕێگەیان بە موسڵمانان نەدەدا لە کتێبەکانی تری کەلەپووری ئاینیی هیچ وەربگرن، چونکە ئیسلام بە شەریعەتێکی ڕوونو پاراو لە هەموو شیرکو گومانێك بۆیان هاتووە، پارێزراویشە لە گۆڕینو لادان، هیچ پێویستیەکی نیە بە ئاینو بیر باوەڕی تر، ئەم وریایە لە دەستاودەستکردنی کتێبە ئاینیە کۆنەکان کارێکی پێویست بوو بۆ پاراستنی بیرۆکەی ئیسلامیی و جێگیربوونی تێڕوانینی ئیسلامیی. بەڵام کاتێك ئیسلام چەسپا لە ڕووی بیروباوەڕ و شەریعەتو

---

١) (يوسف: ١ـ ٣)

٢) اورده الهيثمي: مجمع الزوائد ١: ١٨٢، وقال: رواه ابو يعلى وفيه عبدالرحمن بن اسحاق الواسطي ضعفه احمد وجماعة واورده البوصيري: اتحاف الخيرة ٢: ١٣٧، وابن حجر: المطالب العالية ٤: ٢٨.

ڕێبازی ژیان، هەروەها پێوەرە ئەندێشەیی و ڕەوشتەکانی ئاشکرا بوو لە بیرو هۆشی خەڵکدا ئەوجا کرانەوە بە رووی ڕۆشنبیریی و ئاینی نەتەوەکانو بیروباوەڕەکانیاندا بە شێوازێکی ڕەخنەگرانەوە هەڵسێنگێنەر لە بیرکردنەوەدا، بەم شێوەیش کتێبەکانی لێکۆڵینەوە بە وردیی لە نێو ئاینەکاندا پەیدا بوو، کە خۆی لە کتێبی فیرقەکاندا دەبینیەوە کە هەندێکیان لە نووسینی بەغدادیی و ئیبنو حەزمو شەهرستانیە.